دادگای تاوانەکان بڕیاری زیندانیکردنی هەتایی بە تیرۆریستێک دەردەکات

دادگای ناوەندی تاوانەکان ئەمڕۆ ڕۆژی سێشەممە هەستا بە دەرکردنی بڕیارێک بە زندانیکردنی هەتایی بە تیرۆریستێک کە پەیوەندی کردووە بە داعش.

ئەنجومەنی دادوەری باڵا لە بڕیاننامەیەکدا ڕایگەیاند:-,, ئەو تیرۆریستە لەکاتی دەستگیرکردنیدا وێنەیەکی تایبەتی پێبووە کە بەبەرگی سەربازی داعشەوە گرتبووی ، جگەلەوەش ڤیدیۆو وێنەی تیرۆریست ئەبو بەکری بەغدادی پێبووە.,,

وتیشی,, کە بڕیارەکە بەپێی مادەی چوار/1 بەئاماژەی مادەی دووەم /1 و 3 لەیاسای دژەتیرۆر ژمارە 13ی ساڵی 2005 وەرگیراوە بە بەگەی بڕیاری 132/1ی یاسای سزادانی عەراقی,,.